سودانی: حکومەت لە کڵینی گەنم لەجوتیاران بە نرخێکی پاڵپشتیکراو سەرکەوتوو بوو

سەرۆك وەزیرانی عێراق لەدیدارێکدا لەگەڵ ژمارەیەك لە جوتیاران رایگەیاند، حکومەتی ئێستا سەرکەوتو بوە لە جێبەجێکردنی پلانەکانی پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و پێدانی قەرز و کڵینی گەنم لێیان بە نرخێکی پاڵپشتیکراو تا 850 هەزار دینار بە هەر تەنێك.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران، ئەمڕۆ دوشەممە محەمەد شیاع سودانی پێشوازی لە ژمارەیەك جوتیار لە پارێزگاکانی موسەنا و دیوانیە و نەجەف و کەربەلا کرد و گوێی لە کورتەیەکی ورد گرت سەبارەت بە داواکارییەکانی جوتیاران، لەوانە قەرەبوکردنەوە نەچاندنی برنج بە ساڵی 2023 و خەرجکردنی شایستەکان و قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوانی لافاو و بارانبارین و زیادکردنی پشکی سوتەمەنی بە ئامێرە کشتوکاڵییەکان.
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی کشتوکاڵی ڕاسپارد، لیژنەیەك پێکبهێنرێت بە یەکلایکردنەوەی ئەو داواکارییانە و بەگوێرەی مەرجە یاساییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەمەبەستی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و زیادکردنی توانای ئابوری.
محەمەد شیاع سودانی جەختیکردەوە، "حکومەتی ئێستا سەرکەوتو بوە لە جێبەجێکردنی

پلانەکانی پاپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ، کە نوێنەرایەتی لایەنێکی گرنگی بەرنامەکەی دەکات، بەردەوامیش دەبێت لە دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی جوتیاران، بەتایبەتی پەینی کیمیایی و قەرز و کێینی گەنم لێیان بە نرخێکی پاپشتیکراو تا 850 هەزار دینار بە هەر تەنێك، جگە لە دابینکردنی سایلۆ بە جێکردنەوەی زۆری بەرهەمی دانەوێڵە".